# لە ڕۆژی جیهانی ئیفلیجی مێشکدا بەشی چارەسەری سروشتی کۆلێژی تەکنیکی تەندروستی و پزیشکی چەند چالاکییەک ئەنجام دەدەن

(Https://Epu.Edu.Iq) > هەواڵ و کارو چالاکییەکان (Https://Epu.Edu.Iq/Ku/Home-Page-1-)
%Da%A9%D9%88%D8%B1%D8%Af%Db%8c/%D9%87%D9%87%D9%88%D8%A7%Da%B5-
%D9%88-%D9%83%D8%A7%D8%B1%D9%88-
%Da%86%D8%A7%D9%84%D8%A7%D9%83%Db%8c%Db%8c%D9%87%D9%83%D8%A7%D9%86-
/2) > Uncategorized (Https://Epu.Edu.Iq/Category/Uncategorized/) > لە ڕۆژی جیهانی ئیفلیجی مێشکدا بەشی چارەسەری سروشتی کۆلێژی تەکنیکی تەندروستی و پزیشکی چەند چالاکییەک ئەنجام دەدەن




Hallo Majed (https://epu.edu.iq/ku/author/hallo/) Uncategorized (https://epu.edu.iq/category/uncategorized/)

بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی ئیفلیجی مێشک
(Cerebral Palsy day)
بەشی چارەسەری سروشتی لە کۆلێژی تەکنیکی تەندروستی و پزیشکی هەولێر بە هەماهەنگی لەگەڵ سەنتەری ئایلان هەڵسان بە ئەنجامدانی چەند چالاکییەک لە سەنتەری شاری هەولێر.

چالاکی یەکەم بریتی بوو لە پێشاندن و ڕوونکردنەوەی کاریگەری چارەسەری سروشتی لەسەر چەند منداڵێکی تووشبوو بە ئیفیلیجی مێشک کە تیایدا ڕۆڵی چارەسەری سروشتی لە باشتربوونی بارودۆخی تەندروستییان بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەشێوەیەکی پراکتیکی ڕوونکرایەوە.

لە چالاکیەکی دیکەدا قوتابیانی قۆناغی چوارەمی بەشی چارەسەری سروشتی لە کۆلێژی ناوبراو بەسەرپەرشتی سەرۆکی بەش د. مهدی خالد قادر سەردانی باغی شار و بازاری قەیسەریان کرد و ژمارەیەکی زۆر لە پرۆشەری وشیارکردنەوە و ڕۆشنبیری سەبارەت بە ڕۆڵی چارەسەری سروشتی لە باشترکردنی بارودۆخی تووشبووانی نەخۆشی ئیفلیجی مێشک بەسەر هاونیشتمانیان و دوکاندار و کاسبکاران دابەشکرا.